MAISON DU FUTUR

MESELA

# "کۆمەڵەی میسێلا و ماڵی داهاتوو"

## (فریشتەیەك لە 'بابل' دادەبەزێت)

### "پوختەی پرۆژە"

+پرۆژەی "بابل" جەخت لەسەر کار و کاریگەریی دوو نوسەر دەکات: **"فریدریك دۆرینمات"** و **"شێرزاد حەسەن"**. 'فریدریك دۆرینمات' لە کانوونی دووەمی/ (٢٠٢١)دا، (١٠٠) سەد ساڵ بەسەر لەدایکبوونیدا تێدەپەڕێت. نووسەری کوردیش "شێرزاد حەسەن" کە لەسەر ئاستێکی جیهانی ناوبانگی هەیە وەك داکۆکیکارێك لە مافەکانی ژنان، هەروەها وەك نووسەر و توێژەرێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئەدەبی، تێڕوانینی تایبەت بە خۆی هەیە سەبارەت بە کورد و پێناسەی نەتەوەیی، هەر لە هەمان ساڵدا حەفتاهەمین یادەوەری لە دایکبوونی دەکاتەوە. بواری سەرەکی کارەکەی بریتییە لە ناساندنی دۆخی سەرەتای قۆناغی "گواستنەوە" تایبەت بە دانیشتووانی کوردستان-ی گەمارۆدراو لە ناو بازنە و چوارگۆشەی سنووری نێوان {**سوریا و عێراق و ئێران و تورکیا**}دا. هەندێك لە شاکارەکانی بریتین لە: چیرۆکەکانی "لۆزان"، "مارلین"، "گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێلەکان"، "گۆرانییە خەمناکەکانی غوربەت"، "نهێنی"، "دووکەڵ"، "گەڕەکی داهۆڵەکان"، "ئیزرائیل"، لەتەک چەندین ڕۆمان و چیرۆکی دیکە و وتارگەلێک سەبارەت بە سیاسەت و پەروەردە و ژینگە و ئاریشەکانی ژنان و لاوان و منداڵان، سەرباری وەرگێڕانی سی (٣٠) کتێب لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی کە فرە تەوەر و ژانری جیاوازن. ئەوەی کە 'هێشتا' تێبینی نەکراوە لە کۆی پرۆسە و پرۆژەکەی ئێمەدا ئەوەیە کە "سویسرا" نیازمەندە پێشوازی لەم دوو نووسەرە بکات، لە میانەی لە سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنە و ئاهەنگێکی کولتووری بەرفراوان بە بیانووی یادی (١٠٠) سەد ساڵەی لەدایکبوونی **"دۆرینمات"**، کە تیایدا ئەو هەڵە دەقۆزینەوە کە خودی کەرنەڤالەکەمان رازاوەتر بکەین بەوەی کە وەرگێڕانەکەی **"شێرزاد حەسەن"**ە ببێت بە تەوەرێکی دیاری ئەو دیدارە، کە لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی پێشوودا نووسەر لە زمانی ئینگلیزییەوە شانۆگەرییەکی "دۆرینمات"ی بە نێوی **"فریشتەیەك لە 'بابل' دادەبەزێت"**ە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە.

ئەو نەخشە و ڕێڕەوەی کە ئێمە گرتوومانەتە بەر بۆ وروووژاندنی ئەم بۆنە و بابەتە سەنگینە، بە روانینی ئێمە شایستەی دەرکەوتن و دیالۆگێکی فرە لایەنە، لە ئێستادا، کە نیازمەندین کە پسپۆران سەبارەت بە خودی ئەم شانۆگەرییە و بەرهەمەکانی دیکە سەرگەرمی لێکۆڵینەوە و راڤەکردن بن؛

لەتەک پرۆژەیەکی تایبەت و فرە ڕەهەند، هەروەها بۆ ئەوەی کە ئەو بابەتە بە شێوەیەکی پراکتیکی و لە ڕێگەی نمایش و پانتۆمایم و مۆسیقا و کۆی ئەو بەشانەی دیکەی هونەر دەخەینە گەڕ کە دەنگ و ڕەنگ تیایدا پتر پرۆژەکەمان ڕەنگین و سەنگینتر بکات، کار لەسەر ئەوەش دەکەین کە خودی شانۆگەرییەکە پەیوەست بەو ڕووداوە تراژیک و کارەساتبار و مەرگەساتەکاندا بکەینەوە کە بە چەق و ڕۆحی ئەو ڕووداوە مەزنەی خۆمانی دەزانین، بۆ نموونە: جەنگ و کاولکارییەکانی هەمیشەیی کە یەکێکە لەو ئاڵانگاری بەرەنگاربوونەوە سەرسەختانەی کە **"دۆرینمات"** لەگەڵ **"بنیاتنانی تاوەر"**دا یەکانگیری دەکاتەوە کە ڕەگی وا لە ناو 'میتۆلۆژیا'ی ئێمە و ئەواندا تۆمار و چەسپیوە، هەروەها لەگەڵ گەڕان بە دوای ڕەگوریشەی ئەفسانەکانمان. هەر لە سۆنگەی ئەوەشەوەیە کە ئێمەش ناوونیشانی "فریشتەیەك لە 'بابل' دادەبەزێت"مان بۆ ویستیڤاڵەکە هەڵبژاردووە. بە هەر حاڵ.. ناوەڕۆکی شانۆگەرییەکە بە کوردی و زمانەکانی دیکەش لەبەر دەستە، چەند لایەنێکی دیکەی شانۆگەرییەکە و کارەکتەرەکانی ناوئاخنی چیرۆکە ئەفسانەئامێز و خەیاڵییەکانی و مانا شاراوەکانی دەبنە بابەتی دیالۆگ و شیکاری، بە نیازین کە پەیوەستیان بکەینەوە بە مێژووی پڕ لە تراژیدیا و دراما و ڕووداوە خوێناوییەکانی ئێستا و ئەو کاروانی قوربانییانەی کە لەم ڕۆژگارە و هەم لە ڕابردوودا هەبوون و نەبڕاوەن؛ کە تا هەنووکەش بەردەوامن کە تیایدا 'نەتەوەی کورد' لەسەر ئاستی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری دوچاری **"جینۆساید"** و کارەساتی جەرگبڕ بووە، کە دواترینیان قڕکردن و ئەتککردنی ژنان و کچان بووە، سەرباری کاولکردنی زێدی ئێزیدییەکان بوو کە نموونەی بەرجەستەی ڕۆحی بارباریست و خوێناوی کەسانێکن کە زادەی خودی مێژوویەکن کە هەمیشە بۆ هەزارەها ساڵە بە خوێن سوور بووە.

لەگەڵ دامەزراندنی تیمی شانۆی "ئیمێنتەڵ / کوردی" لە لایەن گروپێك کە ئەندامەکانی ئارەزوویان لە هەموو ئەو بوار و بابەت و کایانەدا هەیە کە پەیوەندیدارن بە خەم و گرفت و کێشە مرۆییەکانەوە، لەسەر هەموو ئاست و ڕەهەندەکاندا، کۆی پرۆژەکەمان پتر جێکەوتە بوو ئەو کاتەی لەڕێگەی یەکگرتنی ئەکتەرانی گروپی/٤٠٠- asa) کە بۆساڵی {٢٠١٦} بوون بە براوەی "خەڵاتی/ BAK سویسری" کە تایبەتە بە شانۆ. هەروەها بە هاوکاریکردن لەگەڵ هونەرمەندانی خاوەن هونەرە بەرجەستە و بینراوەکان. هاوکات کۆی میوانان و بەشداربووان وەک ڕێزلێنان لە پێگەی خودی **"دۆرینمات"** لەو مارش و پیادەرەوییە بەشدار دەبن کە چەندین کاژێر دەخایەنێت.

**+هەنگاوی یەکەمین** لە ناوچەی **"کۆڵۆنفینگن"**دا دەستپێدەکات کە زێدی لە دایکبوونی 'فرێدریك دۆرینمات'ە کە دوا قۆناغ و هەواریش دەگەینە **"وانەر"** کە دەکا "مەزرای پەیکەرتاش 'وانەر نیوهاوس' کە خۆیشی هونەرمەندێکی فرە بەهرەیە و هەم سەرگەرمی کشتوکاڵە و ئەندامی مێسێلا"یە.
کۆتاییەکەی یادکردنەوەی کار و داهێنانەکانی "فرێدریك دۆرینمات"ە، هەروەها ڕۆشنایی دەخرێتە سەر وەرگێڕانە کوردییەکەی "شێرزاد حەسەن" بە یاوەری هونەرمەندە سویسری و کوردەکان.

پرۆژەی "فریشتەیەك لە 'بابل' دادەبەزێت" یەکەم بەشە لە پرۆژەیەکی درێژخایەنی **(سێ ساڵی)** کە ناوونیشانێکی سێیانی هەیە "کانتۆنەکان / کانتۆنەکان / کانتۆنەکان". پرۆژەکە لە لایەن "کۆمەڵەی مێسێلا"وە دانراوە بە هاوکاریی "ماڵی داهاتوو - Maison du Futur" کە لە ( ٢٠٢١/ تا/ ٢٠٢٣) دەخایەنێت. کرۆکی پرۆژەکە پەیوەستکردنی کەلتوور و سیاسەتی **"هێڵڤیتی/ هێڵڤژیانی"** کە ئاماژەکردنە بە سێگۆشەی 'کۆماری هێلڤیتی' کە لە مێژووی "سویسرا"دا هەوڵێکی وا هەبووە کە دەستەڵاتێکی سێنتراڵ و ناوەندگەرا بەسەر هەموو سویسرا بسەپێنن. کە لە سەردەمانێکی زووتردا چەندین کانتۆنی لە خۆ گرتبوو کە لە ئۆتۆنۆمی خۆیان بەهرەمەند بوون، بەڵام لەژێر هاوپەیمانییەکی سەربازی لاوازدا، دواتر فەرەنساوییەکان داگیری دەکەن و لەژێر هەمان ناودا کۆمارێکی چکۆلەیان بۆ

ساز دەکەن و کە وەک هاوپەیمانی "فرەنسا" ئەو قەوارەیە جێگیر دەکرێت، کە ئاماژەیە بە کۆنفدرالی خێڵە کۆنەکانی سویسرا کە بەسەر چوار ناوچەدا دابەش ببوون، لە سەردەمی رۆمانییەکاندا، هاوکات کۆماریکی خۆیان هەبووە بە هەمان ناو کە بەردەوام لە تەنگژەی سیاسیدا بووە-(١٧٩٨-١٨٠٣) "یە، هەڵبەتە لە ناو ئەو پرۆژەیەدا نیازمەندن کە ئەم دۆخە سیاسی و کولتوورییەی "هێڵڤژیان" لەگەڵ مێژووی 'کوردستان'دا پرد و پەیوەست بکەینەوە؛ هاوکات ئاماژە بە تراژیدیای ئەوان و کوردستان بکرێت لە چوارچێوەی پەیماننامەی **{لۆزان}**دا کە لە ساڵی (٢٠٢٣)دا سەد ساڵ بەسەر ئەو پەیماننامەیەدا تێدەپەڕێت.

باکگراوند/پاشخان: لە ساڵی (١٩٢٣)دا ولاتە زلهێزەکان کە لە براوەکانی جەنگی جیهانی یەکەم بوون. بە گوێرەی پەیماننامەی **{لۆزان}** ئەو ناوچانەیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد کە پێشتر لەژێر دەستەڵاتی ئیمپراتۆرێتی "عوسمانلی"دا بوون. هەروەها ئەمە ئەو پەیماننامەیەشی گرتۆتە خۆی کە سنوورەکانی ئێستای ""تورکیا" و "یۆنان"ی دیاری کردووە. بە پێچەوانەی ئەو بەڵێنانەی کە "ئینگلتەرە" و "تورکیا" لە سەرەتای دانوستانەکاندا دابوویان، پەیماننامەی {لۆزان} هیچ ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان نەبەخشی. تاوەکو ئەمڕۆکەش ئەوان گەورەترین گروپی ئێتنین لە جیهاندا کە ولاتی خۆیان نییە.

پرۆژەی **"فریشتەیەك لە 'بابل' دادەبەزێت"** مامەڵە لەتەك ناوکۆی کارلێکەکانی ئەدەبیاتدا دەکات، سەر و سەودای لەگەڵ هونەرە بینراوەکان و هەم ژینگەییدا هەیە، لەگەڵ رۆشنایی خستنە سەر *"سویسرا"* و *"کوردستان"*. لە ناوجەرگەی لێکۆڵینەوەکەدا هاوشێوەیەکی کولتووری و سیاسی و ئەفسانەیی لە نێوان کارەکان و ژیاننامەی "فرێدریك دۆرینمات" و "شێرزاد حەسەن"دا هەیە کە نیازمەندین یەکانگیری بکەین.

**+دووەم بەشی**: پرۆژەکە بە ناوی **"کۆبانی"**وە دەناسرێت، کە لە ساڵی (٢٠٢٢) مۆنیومێنتێکی بۆ دادەنرێت وەك هێمایەك بۆ وێرانکردنی "کۆبانی" و ئەو جینۆسایدەی کە (*دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام/ داعش*) ئەنجامیدا دژ بە **"ئێزیدییەکان"**. هەروەها بۆ یادەوەری قوربانیانی کوردستان **}مۆنیومێنت{**ێکی ئێلیکترۆنی دادەنرێت بە جۆرێك کە بتوانرێت لە دوورەوە 'مۆنیومێنت'ەکە ببینرێت.

**+سێهەم بەشی**: پرۆژەکە لە ساڵی (٢٠٢٣)دا کە بەردوامی خۆی وەردەگرێت لەژێر ناوی **"لۆزان"**ەوەیە و جەخت لەسەر کاریگەرییەکانی پەیماننامەی "لۆزان" دەکات لەسەر ئاستی سیاسی و رەهەندە چارەنووسسازەکانی دیکە بۆ گەلی کوردستان. ئەم پرۆژەیەیان لە شێوەی گوتاربێژی و شانۆیی و نواندن و هەروەها بە شێوەیەکی تۆکمە و دامەزراوییەوە مامەڵە لەتەك بنچینە و دەرئەنجامەکانی ئەو پەیماننامەیەدا دەکات. سەرەڕای ئەوەش کە ئەو کەیس و بابەتە دەخرێتە ڕوو کە ئاخۆ دەشێت رۆڵی "سویسرا" و "ئاوروپا" چلۆن دەبێت بۆ سەر لە نوێ دیاریکردنی چارەنووسی ئایندە و داهاتووی کوردستان؟

(بەشی یەکەمی نمایش و چالاکییەکە لە **"کۆبانی"** و **"هەولێر"** رێکدەخرێت؛ هەروەها لە **"سلێمانی"**ش دیمەنەکانی شانۆگەرییەکە بە شێوەیەکی ئەوتۆ نمایش دەکرێن کە بتوانرێت لە لایەن تیمێکی دیاریکراوی ناوخۆیی و کوردستانییەوە لەو شوێنانەی کە لە ناو خاکی کوردستان هەڵیاندەبژێرین.. بە رێککەوتن؛ لە دوای ماوەیەکی کورتخایەنی پرۆڤەکاریی و مەشق و راهێنان بە ئاسانی مامەڵەیان لەتەکدا بکرێت بە نیازی سەرکەوتنی پرۆژەکەمان. بەرهەمهێنانەکە بەندە بە رێنماییەکانی نەخشەسازەکانی کولتووری بەو مەرجەی کە بەردەوامی بدات بە خۆی، ئەمەش گۆزەگۆز و گەشتکردنی

ناپێویست کەم دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا ئاڵوگۆڕێکی کولتووری و پرۆسەیەکی راستەقینەی بەشداریکردن لەگەڵ دانیشتووانە ناوخۆییەکانی {کوردستان}دا دروست دەکەین.

هەڵبەتە هەر کەسانێک مێژووی دێرینی 'سویسرا' و 'کوردستان' بخوێننەوە بەسەر ئەو راستییە تراژیدییەدا دەکەون کە بە درێژایی مێژووی دێرینی خۆیان بۆ چەندەها سەدە کەوتوونەتە بەر زەبری کاولکاری و داگیرکاری، بە لە بارچاوگرتنی دۆخی جیاواز و هەنووکەیی هەردوو لایەن.

www.maison-du-futur.ch
www.mesela.ch